# کورتەیەک لە ژیاننامەی گۆران هەڵەبجەیی



* ساڵی 1954 لە باژێری هەڵەبجە لەنێو خێزانێکی هەژاردا هاتمە نێو دونیای پڕ چەرمەسەری  ناعەدالەتەوە.
بەپەیدابوونی من خێزانەکەمان پلەیەک لە هەژاری بەرەو سەرەوە چوو.

* خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیم  هەرلەهەڵەبجە لەتەک فرۆشتنی لەبلەبی و محەلەبی و شڕوب وجۆرەها شاگردی وکرێکاری و زۆرکاری دیکەدا  تەواوکرد.

*ساڵی 75 لەتەک زۆرێک لە هاوڕێ هاوشاریەکانمدا ئامادەیی کشوکاڵی بەکرەجۆم تەواوکرد.

* لەسەرەتای 76 تا هاوینی 78 سەرباز بووم کە زۆر لێی پەشیمانم.تەنها سودێک  لەو سەربازیە فێربوونی وەستایی بووکە پاشان بۆ بژێوی خۆم بەکارم هێنا.

* لە کۆتایی 78دا دەبوو وەک زۆربەی هاوەڵەکانم بەسواری ماتۆڕ گوندەکانی کوردستان بگەڕامایە و وەک ڕاوێژکاری کشتوکاڵی کارم بکردایە،لێ لەمەدا سیاسەت بووە لەمپەر،هەر بۆیە دەستم دایە کاری وەستایی کە لەسەربازیدا فێری بووبووم بەتایبەتی لەبغ.

* لە سەرەتای 80 دا دیسان وەک  یەدەک بوومەوە بە سەربازو چوومەوە هەمان سەربازگەی کۆن و هەمان پیشەش، واتە وەستاکی.

* هاوینی 81 بە مەبەستی خوێندن ڕێگەی هەندەرانم گرت و لە هەنگاریا وبەتایبەت لە بۆدابستی بووکی ئەوروپا گیرسامەوە.

* لەوێ [پەیمانگای پاراستنی خواردن] م تەواوکرد کە نزیک بوو لەو بوارەی لە کوردستان خوێندبووم کە کشتوکاڵ بوو.

*پاش کۆتاییهێنانی خوێندن بۆ بژێوی یەک دووجۆرکارم کرد.

* دەمێک پەرۆسترەیکاکەی گۆرباچۆف[کە پاشان خۆیشی ڕاماڵی] لە هەنگاریا نزیک بوویەوە ،ئیدی ئێمەی دژە دەسەڵاتی بەعس ژیانمان زۆر زەحمەت بوو ،لە هەمووڕوویەکەوە فشارمان هاتەسەر،بۆیە ناچاربووم بەهاری 88 ،هەفتەیەک پاش کارەساتەکەی هەڵەبجە هەنگاریای پڕ لە یادگاری 7ساڵ و بۆدابستی جوان جێبهێڵم و لە دانمارک وەک پەنابەرێک نیشتەجییم.

* لەو مێژووەوە تا ئێستا لە تەک هاوسەرە هەنگاریەکەم و کورە زرنگ و ژیرەکەم کاکە هێمن ساڵ بەڕێ دەکەم.

* هەندێک کۆرس و چەندین کارم کردووە و تائێستاش خۆم و هاوسەرەکەم کاردەکەین ،زۆر کەم بێکاربووم، یانی بەرەنجی شانی خۆمان دەژین و گلەییمان لە شێوازی ژیانەکەمان نیە.

* تەنها دووشت سەغڵەت و نیگەرانی کردووم ،یەکێکیان ئایندەی نەتەوەکەمە، دووەمیش تەندرووستی خۆمە کە چەندین ساڵە بەنەخۆشیەکەوە ئازاردەخۆم و ڕۆژلەدوای ڕۆژ پتر هەراسانم دەکات بێیەوەی هیچ هیوای چاکبوونەوە بەدی بکەم .بەڵام من لەگەڵیدا ڕاهاتووم و هەرگیز تەسلیمی نابم.

* ژیانی سیاسیشم ئەو ڕۆژە دەستی پێکرد کە شوعیەکانی باژێرەکەم تەنها پاش یەک ڕۆژ لە دەرچوونی بەیانی 11 ئازار ڕژانە سەرشەقامەکان و شادی و خۆشی و پشتگیریان بۆ ئاشتی لەکوردستاندا دەربڕی. ئیدی من لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ لە حیزبایەتی وکوردایەتی دانەبڕاوم.

* لە بواری کاری ڕێکخراوەیشدا ،لە کوردستان لە یەکیەتی قوتابیانی گشتی و لە هەنگاریاش لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد کارم کردوە، لە گۆنگرەی یەکگرتنەوەی کۆمەڵە خوێندکاریە کوردستانیەکان لە بەرلین ساڵی 88 و کۆنفرانسی یەکەمیش کە نەمسا گراتس 1990بەشداریم کردووە.

* سەبارەت بە نووسین و کاری ڕۆژنامەگەریش ، مێردمنداڵ بووم هەستم کرد ئارەزووی خوێندنەوەم هەیە و هەرچی بکەوتایەتە بەردەستم دەمخوێندەوە . لەوکاتەوە تا ئێستا خوێندنەوە بووەتە بەشێك لە ژیانم . تا لە کوردستان بووم چەند شتێکم نووسی ،لێ ڕۆشناییان نەدی و هیچی لێ سەوزنەبوو، پێدەچوو نووسینەکانم مەرجی بڵاوکردنەوەیان لاوازبووبیت .

* لە ساڵی 82 دا هەندێک لە نوسینەکانم لە گۆڤارە خوێندکاریەکاندا ڕۆشناییان دی، بەتایبەتی گۆڤاری کوردستان کە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد ناوەندی براگ دەری دەکرد.

* ساڵ بەدوای سال ئەزموونی نووسینم دەوڵەمەندتر بوو، بەمەش دەرگای هەندێک گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردیم بۆ کرایەوە کە لەو دەمەدا لە وڵاتانی ئەوروپا دەردەچوون.

* لە ئێسادا جگە لە زۆرێک لە ماڵپەرەکوردیەکان لە هەندێک ڕۆژنامەو گۆڤاری نێو کوردستاندا بابەت بڵاو دەکەمەوە.

*کاری ڕۆژنامەگەریشم لە {کورد تیێ ڤیێ} کەی کۆبنهاگنەوە دەست پێدەکات کە خۆم بەقەرزداری دەزانم ولەوێ ئەزموونیکی دەولەمەندم پەیداکرد. لەو چوارساڵەی لەوێ کارم کرد چەندین بەرنامەی ڕۆشەنبیری ،کۆمەڵایەتی ،هونەری،مێژوویی ،سیاسیم چێکرد کە هەندیکیان لە تیڤێکانی کوردستانیش پەخشکران.
* وێرای ئەوەی تائێستاش ناوبەناو بەرنامەی تەلەفزیونی بۆ تیڤێکانی کوردستان دروستدەکەم ،بەردەوام وەک جۆرنالیست بەرنامە بۆ ڕادیۆو ڕۆژنامەو ماڵپەرەکان ئەنجام دەدەم.

* لەکاری ڕێکخراوەیشدا دەمێک مەڵبەندی کەلتووری کوردی لە کۆبنهاگن هەبوو من ئەندامی دەستەی بەڕیوەربووم و تا ئەو ڕۆژەی حیزبایەتی مەڵبەندەکەی تێکدا من ئەندامیکی کارابووم تێیدا.

* ئەندامی ئەو کۆمەڵەیەبووم کە بۆ دادگاییکردنی تاوانباری ئەنفال نیزار خەزرەجی پێکهێنرا{کۆمەڵەی وەگەڕخستنی هەوڵەکان بۆ دادگایکردنی خەزرەجی}.

* دەمێک ڕێکخراوی چاکێش  وەک ڕێکخراوێکی کارا هاتە مەیدان من یەکێک بووم لە ئەندامانی دامەزرێنەر  و تائێستاش بەردەوامم لە کارکردن تییدا.

* ڕاستە ئێستا بەهۆی نەخۆشیەکەمەوە ناتوانم ه ەڵپەڕم ،لێ ئارەزوویەکی زۆرم لە هەڵپەڕکییە، لە کاتی خۆیدا لە هەنگاریا گرووپێکی جوانی هەڵپەڕکێی کوردیم لە کوڕی کوردو کیژی هەنگاری درووست کرد و  چەندین هەڵپەڕکێی تایبەت بە خۆمم هەبوو ، لە ئاهەنگ و بۆنەو فەستیڤاڵەکاندا  لە باژێڕەکانی هەنگاریادا ئەو هەڵپەڕکێ کوردییەمان نمایش دەکرد
. حەزێکی زۆریشم لە هەڵپەڕکێی میللی میللەتانە بەتایبەتی بەڵکان و یۆنانی و هەنگاری و قەرەچ و
ئوسکۆتلەندی{ڕیڤەر دانس} ،کاتی خۆی هەر لە هەنگاریا  لە ڕێگەی چەند کۆرسێکەوە خۆم فێری زۆرێک لە هەڵپەڕکێی بەڵکان کرد کە تا رۆژی ئەمرڕۆش هەندێکیانم لەیاد ماوە.

* ئارەزویەکی دیکەم  وێنەگرتنە ، ئەلبوومێکی دەوڵەمەندم هەیە سەدەها وینەی جۆراوجۆری لە خۆ گرتووە ، کە بەرهەمی چەندین سەفەرمە بۆ  وڵاتانی ئەوروپا ئەمریکاو  کوردستان  ، بەنیازم لەم ماڵپەرەئازیزەدا بۆ یەکەم جار هەندیکیان نیشانی خوینەران بدەم.